مەسعود بارزانی بە مەزەوم عەبدی: نابێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانەی پێشوازیکردنی لە مەزەوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات رایگەیاند، پێویستە پرسی کورد بە شێوازێکی دیموکراسیانە و ئاشتیانە لە چوارچێوەی سوریای تازەدا چارەسەر ببێت و هەڵەکانی رابردو چارەسەر ببن و دوبارە نەبنەوە و ناشبێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ چوارشەممە شاری دهۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە مەزەوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات کرد، لە کێبونەوەکەدا کە محەمەد ئیسماعیل سەرۆکی ئەنەکەسە و عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کوردی باکور و چەند کەسایەتی و بەرپرسی تری ڕۆژئاوا بەشداربون، مەسعود بارزانی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە هەردولایەن بەیەکەوە بەشدارن لە کۆبەندی مێپس 2025 لە دهۆك و پاشان بیروڕا ئاوگۆڕ کرا لەسەر بارودۆخی سوریا و ناوچەکە.

مەسعود بارزانی ئاماژەی بەوەکردوە، پێویستە پرسی کورد بە شێوازێکی دیموکراسیانە و ئاشتیانە لە چوارچێوەی سوریای تازەدا چارەسەر ببێت و هەڵەکانی رابردو چارەسەر ببن و

دوبارە نەبنەوە،سەرك بارزانی جەختی لە پشودرێژی و تەبایی و یەکریزی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد کردەوە و و وتی، "نابێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن".

لەڕاگەیەندراوەکەی بارەگای بارزانیدا هاتوە، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات سوپاسی مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێمی کرد بە بانگهێشتنامەکەی بە کۆبەندی مێپس 2025، باسی لە ڕۆڵی مەسعود بارزانی کرد لە بەرامبەر هەوڵەکانی لەپێناو نزیکبونەوە و بەدیهێنانی یەکێیزی لەنێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها پاپشتیەکانی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا دەرگایان کراوەبو بە حەواندنەوەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها پاپشتیەکانی هەرێمی کوردستانی لە تێکشکاندنی تیرۆر بەرز نرخاند، مەترسیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و پشتیوانی پێسەی چارەسەری ئاشتی لە تورکیا تەوەرکی دیکەی کۆبونەوەکە بون.